
# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە (ڕۆژگارو نەسرین) دوو کچی ئەنفالکراو لە میسر

من چاوەڕوانم دەکرد بە شێوازێکی دیکە لە کوردستان پێشوازی لەم باسەی من بکرێت نەك وەك پێشتر ئیهمال کرا. دیارە ئێستاش بوی پەشیمانن و بوشی دەگرین ...حەقی خویانە من لەم ڕوونکردنەوەیەدا زور سوپاسی ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا بکەم کەلەم باسەی ئەو دوو کچەدا هاوکارو پشگیرم بون .... من ئەوەندە ئەڵێم پرسی خوم گەیاندو کاری نەتەوەییی خوم بەجێ گەیاند ئەم کارەی منیش ماندو بونێکی زوری پێوە بو تا دوزرانەوە ئەمەش نە سیناریو و نە درووست کراوە بەڵکو ڕاگەیاندنی ئەو واقعە بوو کە خوم وەك ڕوژنامە نوسێکی کورد خوم تەرخان کرد بو بەدوا داچون سەبارەت بەو کچە خەدر لێکراوو فروشراوانە.با پێشتان بڵێم لە کوردستان هەستم کرد نان و پیاز بەومەسەلەیەی من خوراو منیش بەراستی ڕازی نابم .زور سەیرە لە چەندان ناوەندی ڕاگەیاندن من دیمانەم کردوە کەچی ئێستاش پرسیارم لی دەکەن کە دەڵێن تو بە چاوی خوت ئەوانت بینی بەراستی بەو پرسیارانە زور تێك ئەچم بەلێ خوم بینیم قسەم لەگەڵیان کرد وێنەی یەکێکیانم بلاو کردەوەتا مانگێك بەر لەئێستاش پەیوەندی تەلەفونیم هەبوبەلام لەگەڵ بلاو بونەوەی ئەم مەسەلەیە دیارە هەریك لە (شرق الاوسط.الاسوات العرب.الاهرام المسری.عرب فور لاین)بەزمانی عەرەبی بلاویان کردەوەراستەو خو مێوانخانەکەلەلایەن ئیستخبارات و پولیسی (جیزەی میسری داخراو کومەڵێك کەسیش دەسگیر کران. لەو کاتەوە پەیوەندی تەلەفونیم پچڕاوە .لەگەڵ گەڕانەوەم لە میسرپەیوەندیم بە وەزیری شەهیدان کرد و ڕاستی مەسەلەکەم پێ ڕاگەیاند دوای تاخیربون بە ( ٣) سێ مانگ ئەنجا ووتی تا ئێستا وەلامی کتابەکەم نەهاتوتەوە کە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانم کردوە کەچی ئەم باسەی من خودی جێگری سەروکی حکومەت لەرێگەی ڕوژنامەی میدیای زانی کە بەرپرسی نوسینگەی بەڕیزیان پەیوەندی پێوە کردم ئەم زانیاریە لەرێگەی هیچ کتابیکی وەزارەتەوە نەچوتە ئەنجومەن .کتابیکی دیکەش لە ئەنجومەنی وەزیران لەمانگی (١٠)دە بە ئیمزای دکتور نوری چوەتە وەزارەتی مافی مروف منیش لە مانگی (١٢)دوانزە بانگ کراوم ووتیان تو فەرمانی؟ ڕاسپێردراوەکە ووتی ببورە دەمێکە بەدوای تودا دەگەڕێم نات دوزمەوە ...وەلاهی زورم لا سەیر بو یەکەم تەلەفونم لە لایەن کوڕێك لە (ئوستراليا)بوهات و ووتی زور بە ئاسانی توم دەست کەوت وێڕای هەبونی پەیوەندی لە لایەن کوردانی ئەوروپا بە بێ هەژمار خو من کەسێکی تازە نیم تا کەس نەم ناسی ( ١٢)دوانزە سالە لە نێو کاری ڕاگەیاندن کار دەکەم بەتایبەت لە هەولێر زور دیارم، بەڵام لای وەزارەتی مافی مروف کەسێکی وون کراو بوم. جا من ئەپرسم من لێرەدا چ تاوانێکم هەیە؟کە هیچیان بو نەکردم! ئەوەی بوم کراوە من نایشارمەوە حەقی خۆشیان دەدەمی (دکتورە شوکریە ڕەسول)وەك ئەندام پەرلەمانێك بەراستی هاوکاریو پشگیری ئەو لە بیر ناکەم وێڕای هاوکاری و پشتگیری (خاتوو گوڵناز نسرین خان)کاك(حەمە فەرەج)ئەندامانی پەرلەمان.ئەمەو وێڕای برای هەرە بەڕێزم کاك (شەمال ابراهیم)وخاتو(دلنیا)لە ڕادیوی دیالوگی سوێد وەبەڕێزکاك (ئاکو)سەرنوسەری(میدیا)کاك (قادرنادر.کاك علی)لە ناوەندی چاك هەریەك لە ڕوژنامە نوسان (حکیم کاکە وەیس.ڕزگار کوچەر.بەڕێز حاجی.نوری بێخالی.محمد حاجی کریم.احمد فیدای ڕوژنامەنوسی میسری لە لەندەن.ئیمان بوتانی. (ئەمێنسیتی ئەنتەر ناشیونال)لە لەندەن برایانی دیکەم کاك(سلێمان پشدەری.کاك دانا.کاك خەیری.کاك شعبان مزوری.کاك عبدالعزیزلە دهوك.سەیران سەلاح )بەڕێز (کاك کوردو د.ئارام.کاك کریم چولی.)ڕادیوی نەوا کاك سیروان لە کرکوك(لالو ڕنجدەر)ی هونەرمەند(سەندیکای ڕوژنامەنوسانی ( باریس)لقی شەشی پارتی لە ئەوروپاوێڕای باوکم وە خێزانەکەم.داوای لێبوردن دەکەم لەو کەسانەی کە ناوەکەیانم بیر چو بی ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا سوپاس بو هەمویان دەنیرم لە کوتایشدا تەکید لەسەر مەسەلەی (٧٠٠٠)$ دولارەکە دەکەم زور کەس دەنوسێ یا پەیوەندی ئەکات دەلێ من ئامادەم ئەو پارەیە بدەم بوڕوونکردنەوەی پێویست. مەسەلەی ئەو برە پارەیە پیش (٥)پێنج مانگ بەر لە ئێستا لەگەڵ وەزیری شەهیدان باس کرا کە ئەو کات لە میدیاکان بلاونەکرابو وە کەسیش نەی زانیبو وە هوتێلەکە دانەخرابو کەسیش دەسگیر نەکرابو منیش چونم بو ئەوێ ئەو کات ئاساییی بوو. من بە وەزیریشم ووت تو دوو کەسی زیندوی خوتانم لەگەڵ بنێرە وە من تەسەروف بە پارە ناکەم و ئامادەشم کە بڵێم ئەو دوو کچە وەزارەتی شەهیدان هەولێ بو دا تا بینهێنێتەوە ئەوکات. بەلام ئەوان هیچ ئامادەیێکیان نەبوو. جا ئێوە قازی بن کێ تاوان بارە لەم مەسەلەیە؟ وە من پرسی خوم گەیاندوو بەڵێنیشم داوە تا دوا هەناسەم واز ناهێنم ئەبێ ئەم کارە هەر بکەم و بو هەموو دنیاش بیسەلمێنم...

**فەرمان عەلی**

# پارێزگار "شاری سلێمانی چیدی بەرگەی فەرامۆشیو گەندەڵیو بێبەرنامەیی ناگرێت"



بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ کۆنفراسێکی تایبەت بەچاکسازی، لەچەند بوارێکداو تایبەت بە پارێزگای سلێمانی، پارێزگار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك کۆمەڵە کەسانێکی بینیوە کە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانو کۆمەڵگای مەدەنی وهاوکات کۆمەڵێك گەنجی شارەکەش لەنێو ئەو کەسانەدا بون، کە کۆبونەوەیان لەگەڵ پارێزگاردا کردووەو ئەوپەڕی نارەزاییو فەرامۆشکراویی شارەکەیان ڕاشکاوانە لەگەڵ باسکردوە. پارێزگار لەو بڕوایەوەی کە چیدی سلێمانی بەرگەی فەرامۆشیو گەندەڵیو بێ بەرنامەیی ناگرێتو لەشارێکی زیندوو و پڕ شەوقەوە بۆتە شارێکی ناشرینی پیسی مردوو، لەو بڕوایەوەی کە چیدی هاوڵاتیان تەجاوزو گرانی بازارو ئەوگەندەڵیەی وەك مێرولەی سپی داویەتیە سەرجەم بوارە هەستیارەکانی پەیوەستن بە ژیانی هاوڵاتیانەوە قەبوڵ ناکەن. پاریزگار سەرەتای شەڕێکی دەست پێکردووە، شەڕێکی بەرە جیاواز، ئەو شەڕەی کەئەو تیایدا تەنها پشت ئەستور بەهێزی جەماوەر دەتوانێ سەرکەوتوبێت، گەرنا ئەو گەندەڵانەی سەردەمانێکە بونەتە خوای قۆرخ، لێناگەڕێن دەروازەکانی سەروەت، دەسەڵاتیان لێ دابخرێت و تەنانەت پێیان بوترێت لمی پاش بنیاد نانی کۆشکەکەت کە بە پارەی میللەتە ڕێگەی گرتوەو لایبە. ئەو گەندەڵانەی سەردەمانێکی زۆرە بەهۆی دەسەڵاتیانەوە هەزارەها هاوڵاتیان لەهەرێمەکەی خۆیان تۆراندووەو خۆشەویستی شاریان کوشتوەو خۆڵەپەزە ئاسا خوێنی میللەت دەمژن و ڕۆحی دەکرۆژن، ئەوانە شەڕیکی ژێربەژێری ترسنۆکانەی لەگەڵ دەست پێدەکەن.

پارێزگار باش دەزانێت کە بوکەڵە بچکۆلەکانی تەکەتول، بەخۆکەوتونو ئیدی نایانەوێت بزانن بەرنامەی چی‌یە، بەڵام دەیانەوێت شکستی پێبهێنن، دەشزانێت کە بەهۆی تەکەتولاتەوە گورز لەپرۆژەکانی دەدرێت، ئیتر بێئەوەی خەڵكو بەرژەوەندی میللەت بخەنە پێش چاو، گرگنەکان دەستیان کردووە بەپلان دارشتن چۆن ئەو شەڕە بەپارێزگار بدۆڕێنن. ئەو لەکۆبوونەوەکانیدا جەریئانە باس لەدەرهاویشتەکانی گەندەڵی لەشاری سلێمانیدا دەکات، بەڵام کاتی خۆیەتی ئەو وەک پارێزگارێک ئاوڕێکی جیدیش لەقەزاو ناحیەو شارو دێکانی سەر بەشاری سلێمانی بداتەوەو خەمخۆرانە کۆمەڵێك پرۆژەی سەرەتایی، دور لەدەست تێوەردانی مقاولەکانی قۆرخو گەندەڵی جێبەجێ بکات، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە ئەوەش کۆمەڵێك بەرەی تری لێدەکاتەوە، بەڵام بەرەچاوکردنی ئەزمونی پێشووی کارکردنی، ئەو دەزانێت پێ لەکوێدا دادەنێتو هاوڵاتیش چاوەڕوانە.

**هانا**

---

* خۆڵەپەزە گیانەوەرێکی خوێنمژە

# ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی پێنجەم

| ژ | ناوی سیانی | پیشه | دانیشتووی | چەند کەست ئەنفاله |
|---|---|---|---|---|
| ١- | مستەفا حەسەن ئیبراهیم | فەرمانبەر | عەزیز قادر | ١ |
| ٢- | ڕەنگین محەمەد ڕۆبیتان | ژنی ماڵ | عەزیز قادر | ٢ |
| ٣- | سەلمە محەمەد ڕەحیم | ژنی ماڵ | عەزیز قادر | ٢ |
| ٤- | عومەر محەمەد فەرەج | کاسب | عەزیز قادر | ٧ |
| ٥- | محەمەد ئەحمەد محەمەد | پۆلیس | عەزیز قادر | ١ |
| ٦- | کیژان محەمەد ئەمین | ژنی ماڵ | عەزیز قادر | ٢ |
| ٧- | حەسەن ئیبراهیم محەمەد | جوتیار | عەزیز قادر | ٧ |
| ٨- | بەسێ ئیبراهیم محەمەد | ژنی ماڵ | عەزیز قادر | ٧ |
| ٩- | ڕۆستەم محەمەد | جوتیار | عەزیز قادر | ٣ |
| ١٠- | حسێن عەلی محەمەد | جوتیار | عەزیز قادر | ٣ |
| ١١- | عەلی ڕەشید جاسم | جوتیار | عەزیز قادر | ٤ |
| ١٢- | محەمەد مەحمود قادر | جوتیار | عەزیز قادر | ٤ |
| ١٣- | مستەفا محەمەد مەحمود | کاسب | عەزیز قادر | ٤ |
| ١٤- | دلێر مەجید فارس | بێوەژن | عەزیز قادر | ٦ |
| ١٥- | ئەحمەد ڕەشید | کاسب | عەزیز قادر | ٤ |
| ١٦- | کاروان حسێن مەحمود | کاسب | ڕزگاری | ٣ |
| ١٧- | هەدیە کەریم خەلیف | کچی ماڵ | ڕزگاری | ٢ |
| ١٨- | فەریدە زۆراب حەمە جان | بێوەژن | ڕزگاری | ١٠ |
| ١٩- | هێرۆ ڕەشید حەمید | خوێندکار | ڕزگاری | ٤ |
| ٢٠- | ئینجی حەمید قەبدان | بێوەژن | ڕزگاری | ٨ |
| ٢١- | زوبێد زۆراب حەمە جان | بێوەژن | ڕزگاری | ٧ |
| ٢٢- | وەحید خەلیل ئیبراهیم | بێوەژن | ڕزگاری | ١ |
| ٢٣- | ڕەسمیە کەریم ڕەشید | بێوەژن | ڕزگاری | ١ |
| ٢٤- | خانم مدحت سلێمان | کچی ماڵ | ڕزگاری | ١ |
| ٢٥- | چنار جیهاد ئەحمەد | کچی ماڵ | ڕزگاری | ١ |
| ٢٦- | لەیلا مدحت سلێمان | بێوەژن | ڕزگاری | ٢ |
| ٢٧- | سەبیحە ئەحمەد محەمەد | بێوەژن | ڕزگاری | ٢ |
| ٢٨- | گورجیە ڕەحیم قادر | بێوەژن | ڕزگاری | ٩ |
| ٢٩- | نەسرین عەلی محەمەد | بێوەژن | ڕزگاری | ٩ |
| ٣٠- | سەدریە عوسمان محەمەد | بێوەژن | ڕزگاری | ١٨ |
| ٣١- | بێگەرد حەسەن ساڵح | کچی ماڵ | ڕزگاری | ١٧ |
| ٣٢- | سەدریە عومەر محەمەد | کچی ماڵ | ڕزگاری | ٧ |